# شۆفیرەکانی سلێمانی: دەستان خۆش و مانگرتنتان بەجۆش بێت!

لە درێژەی خۆپیشاندان و ناڕەزایەتیەکانی خەڵکی کوردستان دژ بەگەندەڵی و فەرهودکردنی سەرەوەت و سامانی خەڵکی کوردستان و کارەبا و بەنزین و گازو پێداویستیەکانی تری خەڵك، لەلایەن ئیدارە و بەرپرسانی هەردوو حزبی دەسەلاتدارەوە، ئەمڕۆ سەرلە بەیانی شۆفێری زۆربەی زۆری پاسەکانی هەموو خەتەکانی نێو شاری سلێمانی دەستیان بەمانگرتن کرد، بەهۆی نەبونی و گرانی گازو بەنزینەوە. بەم هۆیەوە پشێوی کەوتۆتە نێو خەڵکی شاری سلێمانی بەهۆی نەبونی هۆکانی هاتوچۆکردن و گەیشتی فەرمانبەران و کریکاران بۆ شوێنی کارەکانیان. ماوەیەکی زۆرە کە دەسەلاتدارانی کوردستان ڕوبەڕوی ناڕەزایەتی و خۆپیشاندانی خەڵکی کوردستان بونەتەوە سەبارەت بە نەبونی بەنزین و سوتەمەنیەکان ونەبونی کارەبا، بەلام تائێستا دەسەلاتدارانی کوردستان و ئەو "حکومەتە یەکگرتوە"ی کە مژدەیان پێدەدا بەخەڵك هیچ وەلامدانەوەیەکی نەك نەبوەو چارەسەری لایەنی کەمی ئەم کێشەیەو ئەم پێداویستیەیە سەرەتاییەی خەڵکی کوردستانی نەکردوە، بەڵکو لەجاران توند تر ئاسایش و پۆلیسی دەسەلاتدارن بە تەقە وەڵامی خەڵك دەدەنەوە.

بەپێی ڕاپۆرتەکانی پشکنەری گشتی وەزراەتی نەوتی عێراق کێشەی سەرەکی لە دابەشکردنی بەنزین و سوتەمەنیەکاندا کێبەرکێی نێوان ئەحزابە سیاسیەکانە کە لە بەغدا حوکم دەکەن. دیارە دەسەلاتدارانی کوردستان خۆیان بەشێکن لەو دەسەلاتەو بۆیە ئێستا پاش فەرهودکردنی سەروەت و سامانی خەڵکی کوردستان ئینجا سەرەی هاوبەشیکردنە لە فەرهودکردنی سەروەت و سامانی تەواوی خەلکی عێراقدا. پاش 15 ساڵ زیاتر لە دەسەلاتدارێتی یەکێتی و پارتی و پاش ئەوەی کە بونە شەریکە دەسەلاتی حکومەتی کۆنەپەرستی قەومی تائیفی لەبەغداو خۆیان فەرمانڕەواو سەرۆکن، خەڵکی کوردستان پێویستە هیچ پڕوپاگەندەو بیانویەکیان لێوەرنەگرن و ڕەتی بکەنەوە. بیانوەکانی لەچەشنی ئەوەی " خەتای بەغدایە" کارەبای بڕیوە یان سوتەمەنی نەناردوە، یان بیانوی ئەوەی " کە چەند ڕۆژە سوتەمەنی نەهاتوە"... لەکاتێکدا ئەم بیانوانە دەهێننەوە کە بەرپرس و سەرکردایەتی هەردوو حزب و ئیدارەکانیان بۆخۆیان تەخشان و پەخشان دەکەن بەکارەبا و بەنزین و گازو بە پارەوپولەوەو خەڵکیش ناتوانێت 5 لیتر بەنزین پەیدا بکات بۆ ئۆتۆمۆبیلەکەی یان بۆ ئەوەی دینەمۆی ماڵەکەی کار پێبکات و برێك روناکی بۆ خێزانەکەی دابین بکات ، ئەوە هیچ کە ناتوانێت وەکو بەرپرسەکان خۆی فێنك بکاتەوە بەلکو دەبیت لەگەرمای تەموزدا باوەشێنی خۆی بکات وەك 40 ساڵ لەمەوبەر...

## شۆفێرانی ناڕازی و خۆڕاگر

چاوەڕوانی و ئومێد بە بەلێن و پەیمانی بەرپرسان و دەسەلاتداران، هیچی لێ سەوز نابێت، هەروەکو بۆتان دەرکەوتوە، ئەوان ماوەی سالێك و 3 مانگ زیاترە هەر پەیمان دەدەن و هیچیان بۆ کەس نەکردوە، لە ڕانیەوە بۆ هەڵەبجە، لەهەڵەبجەوە بۆ کەرکوك و لەوێشەوە بۆ کەلارو بۆ ئاکرێ و بۆ دهۆك و بۆ هەولێر، هەمیشە لە کەنالە ئاسمانیەکان و ڕۆژنامەکانەوە هەر پەیمان و بەلێن هەڵدەرێژن بەلام لە واقعدا خەڵك زیاتر بێ کارەبا بوە، بێ ئاو بوە، بێ بەنزین و گاز بوە، وە زیاتر موچەکەی کەم بۆتەوە بەهۆی گرانی نرخی پێداویستیەکانی ژیانەوە. سەرەرای ئەوەش دەسەلاتداران مافی سیاسی ئیوە لە ئازادی خۆپیشاندان و مانگرتن و ئازادی نوسین و رەخنە تا ئێستا بەڕەسمی ناناسن و تەقەتان لێدەکەن و زیندانیتان دەکەن.

بۆیە پێویستە زیاترو زیاتر خۆتان یەکگرتو بکەن، خۆتان ریکخراوتر بکەن و لێژنەی سەرکردایەتی بۆخۆتان هەڵبژێرن و دیاریبکەن. لەدوێنەوە تا ئێستا لەسلیمانی لەگەرەکی شیخ محێدین و لە نیو بازارو ئەوە ئەمڕۆ ئیوە مانتان گرتوە بەلام هیچ لایەکتان ئاگاداری ئەوی دیکە نەبوە. بەم پەرتەوازەییە، خەلکی کوردستان ناگات بەخواست و داوکارییەکانی خۆی. بۆیە پێویستە کەسانی هەڵسوراو پێشرەوو جێ متمانەی خۆتان، لەگەڵ باقی گەرەك و فەرمانگەکانی دیکە لەسلێمانی لە هەولی ئەوەدا بن کە لێژنەیەکی فراوان بۆ سەرپەرشتیکردن و یەکگرتو کردن و هاوئاهەنگ کردن و ریکخراوکردنی ناڕەزایەتیەکان پیك بهێنن، کە دەتوانێت هێزو فشاریکی گەورەتر لەسەر دەسەلاتداران پێك بهێنێت و بەم پێیەش خواست و داواکارییەکانتان بۆ دابین بکریت لە کارەبا و بەنزین و .... هە ر ئێستاش بۆ چارەسەری کێشەی بەنزین و گاز، ئیوە پیویستە لەنیوخۆتاندا لە هەر خەتێکدا کۆبونەوەی گشتی شۆفیرەکان ئەنجام بدەن و شۆفیریك یان زیاتر هەڵببژێرن و پاشان لە کۆی ئەندامانی هەڵبژیردراوی هەموو خەتەکان لێژنەیەکی چاودێری پێك بهێنن بۆ چاودێری کردنی دابەشکردنی بەنزین و گاز لە شاری سلێمانیدا. تەواوی قەزاو ناحیەو شارەکانی دیکەش دەتوانن هەمان کار ئەنجام بدەن. ئەمە ڕیگای کارسازو عەمەلیە بۆ چارەسەری کێشەی بەنزین و گازو دابەشکردنی بەشێوەیەکی یەکسان و دورخستنەوەی لە فەرهوکردن و شاردنەوەی. حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی عێراق هاوپشتی بێدریغی خەباتی ئیوەدەکات و لەپێناو بەرژەوەندییەکانی خەڵکی کوردستاندا تاسەر خەباتی خۆی درێژە پێدەدات.

**ڕێکخراوی کوردستان**
**حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی عێراق**
2006/7/12